# ڕاهێنانی ماتماتیکی

.1

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

مارتین لە هەفتەیەکدا ١٢٥ کرۆن وەک مووچەی هەفتانە وەردەگرێت.

هەفتەی دواتر ١٥٠ کرۆن وەک مووچەی هەفتانە وەردەگرێت.

ئایا مارتین بەو دوو هەفتەیە چەند پارەی وەرگرتوە؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

.2

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

تۆ مۆبایلێک دەکڕیت کە نرخەکەی ٥٩٥ کرۆنە و شەحنەکەشی (چارچ) بە ٢٤٩ کرۆن دەکڕیت.

هەزار (١٠٠٠) کرۆن دەدەیت بە خاوەن دوکانەکە. ئایا چەندە پارەت پێ دەمێنێتەوە؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

.3

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

ڤانیا چواردەیی و دووهێندە پارەی یەک کرۆنی هەیە. ئایا ڤانیا چەندەی پارە هەیە؟ لانکۆ هەشت دەیی و نیوەی ئەوە پارەی پێنج کرۆنی هەیە. کەواتە لانکۆ چەند کرۆنی زیاتر لە ڤانیا هەیە؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

.4

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

تەمەنی ئیڤار و باوکی پێکەوە دەکاتە ٤٦ ساڵ. باوکی ٣٤ ساڵ بەتەمەنترە لە ئیڤار.

ئایا باوکی تەمەنی چەندە؟

ئەی ئیڤار تەمەنی چەندە؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

.5

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

لەیلا دەیەوێت بە ئۆتۆمۆبیل ٤٦٠ کیلۆمەتر لێبخوڕێت.

پاش ٢٧٨ کیلۆمەتر پشوویەکی بۆ دەدات.

ئایا دوای پشووکردنەکەی چەند کیلۆمەتر دەبێت لێبخوڕێت؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

6.

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

لە شاری هەولێرەوە تا شەقڵاوە چل (٤٠) کیلۆمەترە. لە شەقڵاوەوە تا کرماشان ٣٧٤ کیلۆمەترە. ئایا لە هەولێرەوە تا کرماشان چەند کیلۆمەترە؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

.7

.a ئەرکەکە بخوێنەوە:

ئاری کتێبی "ئاننا و یۆرگن"ی خوێندەوە کە ١٩٧ لاپەڕەیە و هەروەها کتێبی "کاریۆس و باکتووس"ی خوێندەوە کە ٤٨ لاپەڕەیە.

ئایا ئاری بەسەریەکەوە چەند لاپەڕەی خوێندۆتەوە؟

.b زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

.c هەژمار بکە.

.d چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

8.

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

شاری درامن ٤٠ کیلۆمەتر لە کۆنگسبێرگەوە دوورە. کۆنگسبێرگ ٣٧٤ کیلۆمەتر لە هاوگەسووندەوە دوورە.

ئایا درامن چەند کیلۆمەتر لە هاوگەسووندەوە دوورە؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

.9

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

ماڵی لانە ١٨٩٥ مەتر لە قوتابخانەکەیەوە دوورە.

کاتێک دەچێت بۆ قوتابخانە و دەگەڕێتەوە، بەسەریەکەوە چەند مەتر دوورە؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

.10

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

دانا دەیەوێت پاسکیلێکی نوێ بکڕێت. ٢٧٦٣ کرۆنی کۆکردۆتەوە. هەروەها لە جەژنی لەدایکبوونەکەشیدا ٥٠٠ کرۆنی وەرگرت. ئەگەر نرخی پاسکیلەکە ٣٨٩٩ کرۆن بێت، ئایا دانا پارەکەی بەشی کڕینی پاسکیلەکە دەکات؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

.11

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

لە ساڵی ٢٠١٤ لە نەرویج ٣٠٧٦ کوڕ و ٢٨٤٣ کچ لەدایکبوون.

کەواتە لەو ساڵەدا تێکڕا چەند منداڵ لەدایکبوون؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

.12

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

٢٧ قوتابی لە پۆلێکدان. ١٤ دانەیان کچن. ئایا ژمارەی کوڕەکان لەو پۆلەدا چەندن؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

.13

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

دارا دوو گۆڤاری منداڵانی کڕی. هەر دوو گۆڤارەکەی بە ٦٦ کرۆن کڕی.

کەواتە نرخی هەر یەکێک لە گۆڤارەکان چەندە؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

.14

a. ئەرکەکە بخوێنەوە:

قووڵایی چاڵە بەفر لە کیرکنێس ١٦٧ سانتیمەتر بوو. لە لیلەهامەر ٨٩ سانتیمەتر بوو. کەواتە قووڵایی چاڵە بەفرەکەی کیرکنێس چەندە لەوەی لیلەهامەر قووڵتر بوو؟

b. زانیاری گرنگ بنووسە و وێنەکەی بکێشە.

c. هەژمار بکە.

d. چۆن گەیشتیت بەو وەڵام و دەرەنجامە؟ بنووسە و ڕوونبکەرەوە.

15. شەش منداڵ، هەر یەکەیان دوو سەیارە (ئوتومبێل) وەردەگرن. ئایا هەموو پێکەوە چەند سەیارە وەردەگرن؟

16. سێ منداڵ، هەژدە سەیارە (ئوتومۆبێل) بە یەکسانی لە نێوان خۆیاندا بەش دەکەن. ئایا هەر یەکێکیان چەند سەیارەی بەر دەکەوێت؟

17. ئاننا تەمەنی ١٨ ساڵە. ماریای خوشکە بچکۆلەی هەشت ساڵ لە ئاننا بچووکترە. کەواتە تەمەنی ماریا چەندە؟

18. یوناس و ماری ئایسکرێم دەخۆن. یوناس دوو دانە زیاتر لە ماری دەخوات. ماری دوو دانە دەخوات، کەواتە یوناس چەند دانە ئایسکرێمی خواردووە؟

19. ژمارەکان لە نزمترینەوە بۆ بەرزتری ژمارە ڕیز بکە.

900, 878, 788, 853, 898

20. ئەم ژمارانەی خوارەوە، خۆیان چەندن تۆ بیانکە بە دوو هێندە (دەبڵ).

a. 200
b. 16
c. 45
d. 89
e. 56
f. 78

21. نیوەی ئەم ژمارانەی خوارەوە بنووسە.

a. 200
b. 16
c. 44
d. 88
e. 56
f. 90

22. چەندی دەتوانیت ژمارەی سێ ڕەنووسی لە ژمارەکانی ٤ و ٥ و ٦ دروست بکە، بۆ نموونە ٥٦٤.

23. جیاوازیی نێوان ژمارە هەرە گەورە و ژمارە هەرە بچووکەکە هەژمار بکە.
چۆنیەتی کاری هەژمارکردنەکە پیشان بدە.
٣٦٤ ، ٤٣٦

24. ژمارەکان بەراورد بکە.
a. ١٣٣ و ١٤٥ - جیاوازییەکە ______ ـە
b. ١٤٢ و ١٦٩ - جیاوازییەکە ______ ـە

25. ئەگەر سێ ژمارە کۆ بکەینەوە و ئەنجامەکەی بکاتە ٨٨٥. ژمارەی یەکەم ٤٢٣ و ژمارەی دووهەم ٢٣٦ بێت، ئایا ژمارەی سێهەم چەندە؟

26. دوو هێندەی ژمارە پانزە (١٥) لە نیوەی ژمارە ٢٨٠ دەربکە. چ ژمارەیەکمان دەست دەکەوێت؟

27. نیوەی ژمارە ٨٠ و نیوەی ژمارە ٣٠ کۆ بکەرەوە. چ ژمارەیەکمان دەست دەکەوێت؟

28. بە ژمارە (٥٠٠) دەست پێبکە. نیوەی ژمارە ٣٠٠ی بخەرە سەر و پاشان نیوەی ژمارە ٧٠٠ی لێ دەربکە. چ ژمارەیەکمان دەست دەکەوێت؟